www.kurdistannet.org
31-8-2006 2:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دینە نەخۆشەکە و کفن دزەکان... جەلال ڕەوف ئەمین . ... بەشی (1)

گروپە ئیسلامیەکان زۆر جار بۆ بزواندن و ختوکەی هەستی موسڵمانانی سادە و ساکار باس لە شەڕی سەلیب دەکەن و گوایە کرستیانەکان کۆبونەتەوە و لە هەوڵی پەلاماردانداان، ئەمە قەوانێکی کۆن و فلیمێکی ئەرشیفیە تەنها بۆ فریودانی موسڵمانان بەکاری دێنن دەنا ئیسلامیەکان باش دەزانن کە دین و دەسەڵاتی کرستیان تەنها وەک قەوارەیەکی کەلەپوری ماونەتەوە خۆ ئەگەر وا هەست بکەن کە پیاوانی کەنیسە دەتوانن گالیلۆیەکی تر بەند بکەن و کۆپەرنیکۆسێکی تر بکوژن ئەوە بەڕاستی بەڵایەکی گەورەی نەزانین و لە گوێی حوشترا نوستنە، لە ئەوروپا نەوەکانی دوای ڕێنیسانس و مۆدێرنە و سەردەمی گڵۆباڵیزم بەڕادەیەک (چێرج) ەکانیان چۆڵ کردوە کە کرستیانەکانیان والێکردوە ڕیفۆرمی زۆر بەرچاو لە دینەکەیاندا بکەن بۆ مانەوەی خەڵکە بەرماوەکانیان، یەکێک لە گروپە نوێیەکانی کرستیان (جیهۆڤا ویتنسس) بۆ ئەوەی باوەڕیان پێ بکرێت خۆیان لە زۆر شتی خرافی و خەیاڵی بواردووە بە ناچاری دەڵێن ئێمە کە مردین خوا کەس ناخاتە دۆزەخ و کەس ناسوتێنێ ئەوەی خراپەکارە هەتاهەتایە زیندو نابێتەوە و شوێن کەوتوانی جیزز کرستیش زیندو دەکرێنەوە و دەچنە بەهەشتەوە، ئەیانەوێت شتەکانیان تۆزێک لە مەنتیق نزیک بکەنەوە بەڵام پیا ڕاناگەن و پینە و پەڕۆ دادیان نادات ئەتوانم بڵێم کرستیان بە ناوەرۆک مردون و تەنها شوێنەواریان ماوە خۆ ئەگەر کەمێک بڕست و ئەرزشیان بمایە لەو باوەڕەدا بوم بۆ بەرگری کردن لە خۆیان دژی نەوەکانی گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس لەگەڵ ئەم دینە نەخۆشەی ئێستا کە ئیسلامیەکانن یەکیان دەگرت چونکە یەک بەرژەوەندی و ناوەرۆکیان هەیە، ئێستا دینێک لە گۆی زەویدا نەماوە کە لە هەوڵی ئەوەدا بێت خۆی بەسەر مرۆڤەکاندا بەسەپێنێ و مل کەچ و داماویان بکات تەنها دینە نەخۆشکەی لای خۆمان نەبێت کە ئەمیش لە پەل و پۆ کەوتووە و هاکا بەلادا هات، زمینەی ئیسلام لە کرستیان لەبارتر بوو بۆیە مانەوەشیان زیاتر دەبێت بە تایبەت لەناو جیهانی عەرەبیدا، گەلی بێ سەوادی عەرەب ئێستاش شیعر و شانامە بەسەر شێخ و گەورەکانیاندا دەڵێن هیچ بەراوردێک لە نێوان ناخۆشی ژیانی خۆیان و زێدە ڕابواردنی گەورەکانیان ناکەن و بەر و پشتی دەستی خۆیان ماچ دەکەن و بڕۆح بیدەم دەکەن بۆ شێخەکانیان، دەسڵاتدارانی کەنیسەش زۆریان حەز دەکرد گەلێکی وایان هەبوایە و نەکەوتنایەتە بەر نەفرەت و توڕەیی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، پێم وایە دینە نەخۆشەکە وەک پیاوە نەخۆشەکەی ڕۆژهەڵات دەبێت وردە وردە جێگا و شوێنە داگیر کراوەکان بەجێ بهێڵێت و بچێتەوە پنتی دەسپێکردنەکەی لە نیوە دورگەی عەرەب و لەوێدا بمرێت، هەندێک لە باڵ و گروپی ئیسلامی هەستیان بە نەخۆشی دینەکەیان کردووە بۆیە لە ورەوری ریفۆرم و نوێبونەوەدان ئەمە بۆخۆی هەوڵێکی باشی درێژ بونەوەی مانەوەیە، پێویستە ئیسلامی ڕیفۆرمی لە پلەی یەکەمدا واز لە گەردندان و خوێن ڕشتن بێنن، برادەرێکم منداڵیان نەئەبوو دکتۆرەکەی پێی وتبوو خوێن تێکەڵی ئاوی پاڵفتەی تێستیکەڵت بووە تا چارەسەر نەکرێت و خوێنەکە لانەبرێت منداڵ دروست نابێت، لێرەوە دەچمە ناو باسەکەمەوە کە مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحمود پێم دەڵێت ئەوەندە ڕکەبەرێتی بۆ کە وەڵامێکە بۆ ئەو حوشتر و قاپقاپەی نوسیبوم لەو نوسینەدا وتومە دڵنیابن دونیا ئاخری ئێوەیە لێرەدا مەبەستم دونیا ئاخری بۆچون و فکرەی ئیسلامیە نەک لەناوچونی فیزیکی و جەستەی ئێوە چونکە من گەلی کوردستانم بە موسڵمان و نا موسڵمانەوە خۆش دەوێت و بۆ بەرگری لەوان ئامادەی مردنی خۆمم ئەمەشم بە بەڵگە سەلماندووە و ساڵانێکی زۆر پێش ڕاپەڕین پێشمەرگە بوم و هەمان نا موسڵمانی ئێستاش بوم، مامۆستا گیان زیاتر لە 30 لاپەڕەت بۆ وەڵامی 3 لاپەڕە نوسیوە من گومانم لەوە نیە کە بەڕێزت لە من زۆرترت خەێندوەتەوە و زیاتریش

ئەتوانی بنوسی بەڵام گومانم لا دروست ئەبێت کاتێک لە هێرشی فکرە لادەدەیت و بەوەی کە پێم دەڵێیت کەلەشەکرت شکاندووە دەتەوێت بریندارم بکەیت لەمەیاندا لەگەڵتا نیم بەڵام لەوەی من و کاک مەریوان هەڵەبجەیی بە کفن دز ئەچوێنیت سەد لە سەد لەگەڵتام و لەبەشی دووەمدا بۆت ئەنوسم کفنەکەمان بۆچیە؟.

بەریتانیا 30-8-2006